# ململانێی هەرێمایەتی لەسەر ئاوی کوردستان و کاریگەری لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد

نووسینی : پی رەش A.Barzany
د.د.روبیرت D.D.Robert
وەرگێرانی : هەژار کامەلا

## بەرایی :

هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات کە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەڵدەقوڵێن و دەڕژێنەوە ناوی تەوەری زۆر شارستانی کۆن بووە: سۆمەر، ئەکەد، بابل.. ئەمڕۆ سێ دەوڵەت بەشداری لە ئاوی ئەو دوو ڕووبارە دەکەن: تورکیا ، سوریا و ئێراق. ئەو دەوڵەتانەش بەمۆرکی توتالیتری دەناسرێن و خاوەنی ئامرازی پیشەسازیو سەربازی گرنگن و دەستیان کردووە بەجێبەجێکردنی پرۆژەی مەزن کە دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی ئاڵوگۆڕی ریشەیی لەبەرزیو نزمی ناوچەکە. هەروەها دەبێتە هۆی لەنێوبردنی کۆمەڵگە خاوەن پێکهاتە مێژووییە کۆنەکان کە هەزاران ساڵە بە گونجاوی لەگەڵ ئەو دوو ڕووبارە مەزنە ژیاون. هەروەها ئەو (خیار)انەی ئەو دەوڵەتانە هەڵیانبژاردووە سەرەڕۆیی هەڵگیرساندنی شەڕ دەکات لەو ناوچە هەستیارەی جیهان دیجلەو فورات کە لانکەی شارستانی دۆڵی میزۆپۆتامیان لەوانەیە ڕۆڵی بگۆڕدرێن بۆ هۆکاری کاولکاری فراوان.

سەرچاوەی سەرەکی ئەو دوو ڕووبارە لەکوردستانی باکوورە کەوا لەکورد دەکات ببێتە یەکەم قوربانی ئەو ململانێ هەرێمایەتییە. هەردوو لکی رۆژهەڵات و رۆژئاوایی ڕووباری فورات لەبانی ئەرمەنی پێک دێن، لەنزیک شاری خەرپوتی کۆن (ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئالازگ) یەک دەگرنەوە. دواتر بەهێڵی پێچاو پێچ بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە... بەجەزیرە (کوردستانی سوریا)دا تێدەپەڕێت و دواتر بە قووڵایی دۆڵی رافیدێن درێژ دەبێتەوە تاکو لە گەڵ ڕووباری دیجلە یەکدەگرنەوە. دواتر لەهەردوو ڕووبار (شط العرب)پێک دێت بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە. تاکو ئاوەکەی دەڕژێتە کەنداوی فارسی. ڕووباری دیجلە سەرچاوەی سەرەکی خۆی لەکوردستان و بانی ئەرمەنی وەردەگرێت و بۆ چەند کیلۆ مەترێک بە سووریا تێدەپەڕێت. دواتر دەچێتە باشووری کوردستان و لەچیاکانی کوردستانی باشوور زۆر لەجۆگەلەو لکی لەچیاکانی کوردستان ئاو دەچێتە ڕووبارەکە: زێی بچووک، دیالە، زێی گەورە.





ڕووباری دیجلە لەڕووباری فورات نزیک دەبێتەوە بەبێ ئەوەی بگەنەوە یەک، بە بەغدا تێدەپەڕێت و دواتر پەرش و بڵاو دەبێتەوە لەزۆنگاوەکانی باشوورو لەکۆتایی لەگەڵ فورات بەیەکدەگەن و (شط العرب) پێک دێنن.

ڕووباری دیجلە زۆر لەشارە مێژووییەکان ئاو دەدات: دیاربەکر (ئامەد: تیگرا ناکرت) جزیرەی پایتەختی گیانیو رۆشنبیری کوردستان، دواتر شاری موسڵ نزیک نەینەوای کۆن، ڕێژەی ناوەنجی ئاستی فورات دەگاتە ٨٨٠م$^{٢}$. لەو کاتەی کۆی ناوەندی ڕووباری دیجلە دەگاتە ١٤٠٠م$^{٢}$. ئەو دوو ڕووبارە نارێکە لەئاودێریو لەوەرزی بەهار لافاوی لێ دروست دەبێت.

## کوردو ئاو :

جوگرافیای مرۆیی لەکوردستاندا بەئەندازەیەکی گەورە ئاوکاری تێکردووە، نەوەک تەنها لەکاتی تواندنەوەی بەفر، بەڵکو لەگەڵ سەرەتای بارینی باران کە زۆر لەسەرولێژاییەکان بۆ تاڤگەکان و جۆگەلە وشکەکان و بۆ ڕووباری بچووک. کە بەربەستی گرنگی لێ پێکدێت بەشێوەیەک زۆر لەناوچەکان دەبێتە دوورگەی لێک دابڕاو (جیا) ئەو دابڕانەش زۆرکاری لەعەقلیەتی کوردی کردووە تاکو رابردووی نزیک، ئەمەش بەیەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت کە یارمەتی داوە. لێرەوە دەکرێ ئاوو کانیاوەکانی ڕووبارو جۆگەلەکانی کە لەژمارە نایەن بەهۆکارێکی دیاریکراوی گرنگ دابنرێن لەپێکهاتەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیو جێنشینی گەلی کورد.

دەبینین ژمارەیەکی ئێجگار مەزن لەگوندەکان هاتۆتە دروست کردن لەنزیک کانیاوە لەکەنار ڕووبارەکانی، ئەم دیاردەیەش هۆی خۆی هەیە لەو هۆیانەش:-

کورد زۆر بایەخیان بە گەشەپێکردنی تەکنەلۆژیای ئاو نەداوە وەکو بەرزکردنەوەی بەمەبەستی ئاودانی زەویە بەرزەکان تەنها بەوە وەستاون کە کەڵک لەئاوی کانیاوەکان وەرگرن لەبەر ئاسانی کانیاوە بەربڵاوەکان کەلەدەشت و دامێنی چیاکان بڵاون دەکرێ بەئاسانیو بەبێ ماندووبوونی زۆر ئاوەکانی بەکار بهێنن بۆ ئاودێری زەویەکان کە دەکەوێتە خوار کانیاوەکان... لەهەندێک ناوچە کوردییەکان نۆکەندی سەرەتایی لە خۆڵ بنیاددەنرا، یا ئاوەکان قەتیس دەکران لە ڕێگەی دامەزراندنی پەرژین لە لکی دارە بەپەلکەکان- دەبینین ئەو چەشنە لە بەکارهێنانی ئاو لەڕووبارەکانی وەکو ڕووباری گردیا، ڕووباری بەرازگر، ڕووی شین لە ناوچەکانی بارزان.

هەروەها ڕێکی و بەپیتی سروشت و بارینی باران بەشێوەیەکی رێک و پێک وای کردووە تەنها پشت بەباران بارین ببەسترێت لەچالاکییە ئابوورییەکان و دوورکەوتنەوە لەگەڕان بەدوای سەرچاوەی تر، وەکو بەکارهێنانی ئاوی ئەو ڕووبارانەی پێویستی بەجێنشینی بەردەوام و پسپۆڕیو تەکنیکی هەیە لەکەڵک لێوەرگرتنی.. ئەوەش لەپەندو قسە نەستەقەکانی کوردی رەنگی داوەتەوە کە

ئاوی کانیاوەکانیان بەباشتر دەزانی لەئاوی رووبارەکان، لەوەرزی بەهار رووبارەکان قوڕولیتاوی دەبن و خەلك خۆ دەپارێزن لەخواردنەوەی ئاوی رووبارەکان بۆ چەند مانگێك، هەروەها هەلکشانی رووبارەکان لەوەرزی بەهار دەبێتە مایەی مەترسی وقوربانی بەخشین. پەندی کوردی دەلێت:

ڕووبار شێت بووە، ڕووبار دوژمنە. لەمەڕ کانیاوەکانیش لەهەر جێگایەك ئاو هەبێت ئاوەدانی هەیە.

ئاوی جۆگە لەروون نابێتەوە ئەگەر سەرچاوەی لێل بێت، لەو کاتەی شاخەکان بەدۆستی هەمیشەیی کورد دەمێنێتەوە.

هەروەها ئاو شوێنی تایبەتی هەیە لەوێژەی کوردی نووسراو. هەندێك لەناودارترین شاعیرە کلاسیکیەکانی کورد شیعریان لەسەر شێوەی دیالۆگ لەگەل ئاوی ڕووبارەکان گوتووە وەکو فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی.

## ئاو هۆکاری تەبایی و کۆمەلایەتییە

سەرجەم جێنشینی دانیشتوانی لادێی کورد لەنزیك کانیاوەکانە. جا کانیاوەکان کۆمەلگە جیاجیاکان لەدابەش بوونی لادێی لەکوردستان دیاری دەکات. بڕی ئەو ئاوەی کە لەکانیاوەکان هەلدەقولێن قەبارەی کۆمەلگە جێنشینەکان دیاری دەکات. جا ئاوی کەم ڕێگا نادات بەژیاندنی ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەی کە لەسەر بەخێوکردنی پەلەوەرو کشتوکال دەژین. بەلام ئەو کانیاوەی کە ئاوی زۆرە ڕێگا دەدات



بەکۆبوونەوەی دانیشتوانی گەورەترو جۆراوجۆری لەچالاکیە ئابوورییەکان. دەبینین ئەو گوندە چەندین ئاشی هەیە. مزگەوت بۆپەرستن و خواندنەوەی قوتابیان و بوونی زانایانی ئایینی بۆ ئەنجامدانی کاروباری ئایینی. هەروەها بوونی پسپۆری تەکنیکی: دروستکردنی جل و بەرگ و پێلاوو ئامێری کشتوکال و ئاو... لەکاتی بوونی ئاو بەشێوەیەکی زیاتر دەکرێ توتن و برنج و ترێی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنرێت.


لەو جۆرە کۆمەلگانەی دوایی سیستەمی ئاودێری زیاتر ئالۆزەو بەشداری دەکات لە هاتنەکایەوەی تەبایی کۆمەلایەتی و دوورکەوتنەوە لەناکۆکی ئاوی هەلقولاو بەفرەیی لەکانیاوەکان بەمولکداری گشتی





دادەنرێت هەر تاکێك کێلگەیەکی هەبێت دەتوانێ بەپێی پێویستی خۆی و لەکاتی دیاریکراو کێلگەکەی ئاو بدات.. ئەمەش کاری کردۆتە سەر پەیوەندی پێکەوە ژیانی مەزهەب و ئایینە جیاجیاکان لەکوردستان. کوردە موسولمانەکان و ئاشوورییەکان و کلدان و جولەکەکان- بۆ نموونە لەبارزان ئەمانە بەهاوبەشی ئاو لەنێوان خۆیان دابەش دەکەن لەو کانیاوانەی کە لەسەرەوە هەلدەقولێن بۆ خوارەوە: زانراوە کە ئەو کۆمەلگە بەنێوبانگانە کانیاوی تایبەتی کاروباری مالیان هەیە: کانیا (جووا)، کانیا (فەلا).

پێشتر رەگەز پەرستی نەتەوەیی دەسەلاتدارانی بەغداو ئەنقەرە بەردەوام کاریگەریان هەبووە لەکەمکردنەوەی جوولەکەو فەلە بەرادەیەکی زۆر، بۆیە جوولەکە لەکوردستان نەماو ژمارەی



ئەجەوید

فەلەکان کەم بۆوە، هەروەها ئێزیدیەکان ولاتی خۆیان بەجێهێشت لەستەمی تورکان، هەروەها گوندی ئاشوورییەکان بەتەواوەتی لەناوبران لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم کاتێك سوپای تورك شەڕی پاکتاوکردنی بەرپاکرد، هەروەها رژێمی بەعسی فاشی لە سالانی هەفتاکان و هەشتاکان زۆر لەگوندە ئاشوورییەکانی و کلێسەکانی کاولکرد.

## ئاو دژی کورد:

(لە پێناو پتەو کردنی بەرگری لەدەوروبەری بابل، بەربەستێکم لەزەوی دامەزراند کە درێژ دەبێتەوە لە نێوان دجلەو فورات بەدرێژایی (٥) بڕن، هەروەها دەوروبەری شارم بەئاو داپۆشیوە لە زەویەکی فراون بە درێژی (٢٠) برن، کە تێدا شەپۆلەکان بەیەك دەکەون وەکو ئەوەی دەریاکان)

ئەو دەقە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٢٥) سەدە، کە تایبەتە بە مەلیك نەبوخوزنەسر (٥٦٢-٦٠٥)پ.ز. پێشتر و بەردەوام ئاو ئامرازێکی جیا هەلکەوتووبووە لە پەیوەندی ناکۆکی لەرۆژهەلاتی ناوەراست و لەسەر تەواوی ئەو زەویانەی کە ئەو دوو ڕووبارە پێدا تێپەڕبوون.

چوار دەولەت ناکۆکن لەسەر ئاوی دیجلەو فورات. هەریەکێك لەوولاتانە بەشێك لەکوردستان داگیر دەکەن و دان بەسادەترین مافی کورد دانانێن. بەلام لەهەمان کاتدا ئەو دەولەتانە دوودل نین لە بەکارهێنانی کورد دژی ولاتە دراوسێکان.. چاوگێرانێکی خێرا بۆ ئەو ناکۆکیەی نێوان ئەو دەولەتانە

پێویسته بۆ تێگەیشتنی هەل و مەرجە تایبەتیەکان لەو ناوچەدا.

## سیاسەتی دامەزراندنی بەنداوەکان:

دامەزراندنی بەنداوەکان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لەسەر ڕێڕەوی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات بەنەخۆشییەکی بەتادار دەچێت.

ئەو پرۆسەیە لەسالانی پەنجاکان دەستی پێکرد، ئەویش دیاردەکە بەستراوە بەگەشەکردنی دەولەتی نەتەوەیی نوێ کەلەسەر کەلاوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی پێك هات، هەموویان لەدروستکردنی کۆلۆنیالی بەریتانیو فەرەنسی بوون.

ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەو بەنداوانە بە ئامانجی مانادار و ئابووری ئەو نەتەوانە بوو کە خاوەن پەیڕەوگەی شۆڤینی بە هێز هەر دەلەتێك لەو دەولەتانە بەنداوێکی دروست دەکرد. تاکو پەتاکە گەیشتە دەولەتانی دراوسێ (کێ بڕکێ بەچاولێکەری) گەیشتە سەرجەم ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، بنیادنانی بەنداو بووە نیشانەی مەزنی نەتەوەیی بنیادنەرو بەلگەی دێرینیو شارستانی.

جا بەنداوی (ئەسوان) جەخت کردنە سەر شارستانی میسری فیرعەونیە لەسەر شێوازی ناسریزم. وەلامدانەوەی سووریا بنیادنانی بەنداوی (طبقة) بوو ئەویش وەلامدانەوەی بەعسی بوو بۆ ناسریزم. تورکیاش هاتە نێو مەیدانی کێ بڕکێو بەنداوی (کەبان)ی دروستکرد. ئەویش وەلامدانەوەی کەمالیزم بوو بۆ نەتەوە دراوسێکانی.. دواتر بنیادنانی بەنداوەکانی زیاد کرد بۆ (٢١) لە تورکیا.

ئەو پرۆژە مەزنانەی کە بە پێشکەوتووخوازی وەسف دەکرێن. بەلام لە واقع دا لە دەستی رژێمە تۆتالیتارەکانە. لە کاتێکدا بنیاد دەنرێت کە هەل و مەرجی پەرەپێدانی ئابووری خراپە. لێرەدا ئاماژە بەسێ بەنداو دەکەین کە هەلگری مەبەستی رەگەز پەرستی نەتەوەیی‌یەو وەکو چەکێك و دژی گەلی کورد بەکار دەهێنرێت:

بەنداوی (بێخمە) لە عێراق و (طبقة) لەسووریاو (ئەتاتورك) لە تورکیا.

## بەنداوی بێخمە:

ئەم بەنداوە لەسەر زێی گەورە بنیادنراوە کە بەگرنگترین ڕووبار دادەنرێت کە دەڕژێتە ناو دیجلە، ئەم پرۆژەیە لە سالانی پەنجاکان پلانی بۆ کێشراوە، بەلام هەلگیرساندنی شۆڕشی کوردی سالی ١٩٦١ ئەم پرۆژەیەی دواخست. بەلام دوای شکستی شۆڕش لە سالی ١٩٧٥ دەستکرا بەزیندووکردنەوەی ئەو پرۆژەیە لە گەل هەموو ئەو ئامانجە سیاسیە کتومتانەی بنیادنانی بەنداو لە تورکیاو سووریا. بەنداوی بێخمە و بەنداوی دووکان و بەنداوی دەربەندیخان. ئەو بەنداوانە واگریمان دەکرێت کە بڕی ئاوی زۆر لە خۆ دەگرێت و ڕووباری دیجلە پشتی پێدەبەستێت کە دەکرێ لە حالەتی گرتنەوەی ڕووباری فورات بۆ ماوەیەکی درێژ کەلکی لێ وەربگیرێت. راگرتنی ناردنی ئاو لە ڕووباری فورات لەلایەن تورکیاوە لەسەرەتای شەڕی کەنداو. مەودای گرنگی



ئەمبارکردنی ئاوی دەرخست لە لایەن بەغداوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مانۆڕی دەولەتە دراوسێکان و کەلك وەرگرتنی کۆلۆنیالی بۆ سەرچاوەکانی سامان لە کوردستان.

ئەو پرۆژەیە هەروەك لە پرۆژەکانی دووکان و دەربەندیخان. کورد بێبەش دەکات لەسامانی خاکەکەیان، وزەی کارەباو ئاوی ئەمبارکراو لەناوچە عەرەبییەکان کەلکی لێ وەردەگیرێت، مێژوونووس (عیسمەت شەریف وانلی) لەسەردانی خۆی بۆ ناوچەکە تێبینی ئەوەی کرد:

کە پەرەپێدانی ئابووری بە ئامانجی دەولەمەنکردنی ناوچە عەرەبییەکان لە عێراق و بە تایبەتی بەنداو لەسەر حسابی ناوچە کوردییەکان.

بەنداوی دووکان و دەرەبەندیخان بەپلەیەك کارەبا دەداتە بەغدا.

## ئەنجامدانی گۆرانکاری دیموگرافی دژ بەبوونی کورد:

هەر لەکاتی هەرەسهێنانی سەرکردایەتی کوردی سالی ١٩٧٥ تاکو ١٩٩٠ (صدام حسین) گۆرانکاری ترسناکی لەسەر دیموگرافیای کوردستان ئەنجام داوە: کۆچ پێکردنی دەیان هەزار دانیشتوانی کورد لەولاتەکەیان لەناوبردنی کۆمەلێکی زۆر لە شالاوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو بەعەرب کردنی کەرکوك. لە ئامانجەکانی پرۆژەی بێخمە بەعەرب کردنی ناوچەکانی هەولێر. دروست بکرێت لە دوای دەرکردنی دانیشتوانەکەی کەسەرپەرشتی پرۆژەکان بکات و چاودێری پلانی پەرەپێدان بکەن، وهێنانی ملیۆنێك میسریو (١٧٠،٠٠٠) هەزار فەلەستینیو ژمارەیەکی زۆری پەنابەری ئەردەنیو سۆدانیو مەغریبیو یەمەنی، کە ئەمانە رێژەی کۆچ کەرە عەرەبیەکانی لە عێراق پێك دەهێنا، ئەمانە لە کاتی دوا قۆناغەکانی شەڕی کەنداوی یەکەم و دووەم ناچاربوون بەدەستی بەتال بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان.

## سڕینەوەی یادەوەری مێژوویی کورد:


ئەو پرۆژە لە قۆناغی جیا جیا پێك دێت، بەتەواوبوونی ڕووکارو پاشماوە مێژووییەکانی لە کوردستان لە ناو دەچێت: گۆڕستان و شوێنی پەرستن. گوندی بارزان نقوم دەبێت. بەوە یەکێك لە هێماکانی بەرهەلستکاری کوردی دژی رژێمە داگیرکەرەکانی عوسمانیو بەریتانیو پاشایەتیو کۆماری عێراق لەناو دەچێت سەرەڕای چەندین گوندی تر.

ئەوەی تایبەتە بە دۆلی رافیدەین، ئەو ئەندازیارە تورکانەی کە لە گەل پرۆسەی نقومکردنی دۆلی ڕووباری فورات بوون، هیچ بایەخێکیان بەبەهای شوێنەوارە مێژووییەکان نەدا، هەروەها هیوا کەمە ئاوڕ لە دۆلی دیجلەش بدرێتەوە.

لە واقیع دا شوێنەوارە ژیارییەکان ئەوانەی لەو دۆلە بلاوبۆتەوە بەیەکگەیشتنی یەکەم شارستانیە گەورەکانە لە ئاشوریو فارس و رۆمان و

عەباسی و بێزەنتی و تورک و سەلجووقیەکان- (٢١٠) شوێن لە فورات نقوم دەبێت لە ئاو هەر لە کاتی بنیادنانی بەنداوی دووکان و ئەتاتورک، لەوانەشە لەو ژمارەیە زیاتر بێت، هەروەکو لە رۆژنامەی (Financial Times) هاتووە.

پرۆژەی بەنداوی بێخمە لە سێ قۆناغ پێک دەهات، بەڵام تەنها قۆناغی یەکەمی لێ جێبەجێکرا دواتر کاری لێ وەستا بە هۆی داگیرکردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠.




نەخشەیەکی هیدرۆلیکی بۆ هەردوو رووباری دجلەو فورات ، بەنداوەکان دەردەخات کە لەسەری بنیادنراوە

لێرەوە لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە (صدام حسین) ئاوی وەکو چەک دژی کوردەکان بە تەنها بەکار نەهێنا، بەڵکو دژی (معێدەکان) ئەو خێڵانەی کە هەزاران ساڵە لە زۆنگاوەکانی (شط العرب) دەژین. هەروەها دژی شیعەکانی بەکار هێناوە ئەوانەی دژی ستەمی رژێمی بەعس رایان کردووە.

هەروەها نۆکەندێکی هەڵکەندووە بە درێژایی (٥٦٥)کم کە نێونراوە رووباری سێیەم کە دەریاچەی (ثرثار)بە کەنداوی فارس دەبەستێتەوە، لە ئامانجەکانی ئەو نۆکەندە کەم کردنەوەی شۆرەکات(الملوحة) و ئاودێری زەوی تازەو کردنەوەی رێڕەوی ئاوی دوور لەهەڕەشەی ئێرانی... هەروەها مل کەچپێکردنی خەڵکی ناوچەکەو سەرکوتکردنی راکردووە تاوانبارو بەرهەڵستەکان، سەرجەم ئەوانەی پاڵپشتیان لێدەکردن، لەو هەنگاوەیدا پاڵپشتی تورکیای مسۆگەر کرد بەکەمکردنەوەی ئاوی فورات لە رێگای بەنداوە تورکیەکان.

## بەنداوی تەبەقە ( طبقة ):

بەنداوی تەبەقە لەسەرووی رووباری فورات بنیادنراوە، ئەویشیان لە چواچێوەی





کێ برکێی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنیادنراوە. هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە ئەو پرۆژەیە پاڵی بەو دوو دەوڵەتە -سووریاو عێراق- نا بۆ لێواری رووبەڕوو بوونەوەیەکی سەربازی.


ناوچە کوردییەکان لە چاو حەوزی ئەمبارکردنی ئاو(دەریاچەی حافظ الاسد) ناسەرەکیە بۆیە راستەوخۆ بەرزبوونەوەی ئاو کاری تێنەکردووە. بەڵام لە میانی پرۆژەی رەگەزپەرستی پشدێنەی عەرەبی (الحزام العربی) کۆمەڵێکی دانیشتوانی عەرەبییان گواستەوە بۆ کوردستان بۆ قوتارکردنی عەرەبایەتی(العروبة) لەمەترسی کوردی ناوچەکە؟ ئەو پرۆژەیە کە لەساڵی ١٩٦٢ هەیە ئامانجی دەرکردنی دانیشتوانی رەسەنی کوردە لە خاکی خۆیان (جزیرە) بە درێژایی سنووری تورکیا. و جێنیشنکردنی عەرەب لە شوێنیان پەیتا پەیتا. بەڵام دانیشتوانە کوردە دەرکراوەکان دەگوازرێنەوە باشوورو پەرتەوازە دەکرێن. گومانی تێدانییە کە دۆزینەوەی نەوت لە (قەرەتچووک) لە جەرگەی ناوچە کوردیەکان لە جزیرە هۆکارێکی گرنگە لەدوای پرۆژە رەگەز پەرستانەکە.

لە ساڵی ١٩٧٥، (٧٠٠٠٠) حەوت هەزار خێزانی عەرەبیان هێنا کە ئاو ناوچەکانیانی نقوم کردبوو لە(٤٠)گوندی نموونەیان جێنشین کردن و چەکداریشیان کردن.

## بەنداوی ئەتاتورک:

بەنداوی ئەتاتورک بەشێک لە پرۆژەی گاپ (GAP) پێک دەهێنێت لێرەدا کارتێکردنەکانی ئەو پرۆژەیە لەسەر سووریاو عێراق باس دەکەین.

پسپۆڕەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سووریا بە گەشەکردنی دیموگراف ٣,٧٪ی خەڵکەکەی رووبەڕووی کەم ئاوی دەبێتەوە لە کۆتایی سەدەی بیستەم، ئەوە هەتا بەبێ جێبەجێکردنی پرۆژەی گاپ، بۆیە لەسەر سووریا ئەوەیە خۆی ئامادەکا بۆ کارەساتی کەمی ئاو. لەماوەی رەبەقی مانگێک لە دەسپێکی ناوەڕاستی کانونی دووەم تاکو ناوەڕاستی شوبات لە ساڵی ١٩٩٠ تورکیا هەڵسا بەڕاگرتنی ئاو بەتەواوی لەڕووباری فورات، ئەویش بۆ پڕکردنەوەی بەنداوی ئەتاتورک هەروەها بەنداوی تر هەیە(بیریجک) پڕ بکاتەوە دواتر بەنداوی تر.. لە ماوەی ساڵانی هەشتاکان ئەو کاتەی بەنداوی (کراکیاس) بەلەسەرخۆیی پڕ دەکرایەوە رووباری فورات لە شوێنی هاتنە نێوسنووری سووریای وەکو جۆگەلەیەکی بچووکی لێهاتبوو. ئاستی ئاو لە دەریاچەی (حافظ الاسد) بەئەندازەیەکی گەورە کەم ببووەوە وبەشی زۆری بەرووبوونی کشتوکاڵی لەنێوچوون. ئەوەی تایبەتە بە عێراق، بنیادنانی بەنداوی ئەتاتورک مەترسییەکی راستەقینەی لەسەر دروست دەکات، دابەزینی ئاستی رووباری فورات دەگاتە ٩٠٪ سەرەڕای خراپ بوونی ئاستی جۆری ئاوەکە، ئەو ئاوەی کەلەسەرجەم پرۆژەکانی گاپ بەکاردەهێنرێت، خوێتی لەگەڵ خۆی




دێنێت engrais ,pesticides هەروەها خاوێنی ئاوەکە ناهێڵێت بە شێوەیەك بۆ خواردنەوە یەکەڵك نایەت تەنها ئەگەر چارەسەر بکرێت، لێرەوە پێویستە بۆ ئاودێریو یەکە پیشەسازییەکان بەکار بهێنرێت.. ڕووبەری زەویە کشتوکاڵیەکان کەم دەبێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە ئاودێری پشت بە ئاوی (شط العرب) دەبەستن سەرباری زیادبوونی بەبیابانبوون(التصحر) و شۆرەکات و لەناوچوونی جۆری ژیانی دانیشتوانی زۆنگاوەکان بەتەواوی. وێڕای ڕوودانی کارەساتی ژینگەییو ئابووریو کەلتووریو مرۆیی.

پرۆژە گاپ (GAP) هەڕەشەی شێواندنی دۆڵی رافدین لانکەی شارستانی دەکات.

دەسەڵاتدارانی تورك پەلەیان کردووە لە ئاشکراکردنی نیازی سیاسی لە پرۆژەی GAP کاتێك سلێمان دیمیریل گوتی:

لەسەر سووریا پێویستە پاڵپشتی بۆ یاخی بووە کوردەکان راگریو بانگەشەی گفتوگۆی کرد بۆ چارەسەری ناکۆکی دەربارەی ئاوی فورات و لەنامەیەکی بۆ حکومەتەکانی کەنداو میسر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سووریا دەست بەرداری تیرۆر بێت وەکو ئامڕازێك لە سیاسەتی دەرەکیو لەسەریەتی هەوڵ بدات کە کێشەکانی لە گەڵ تورکیا لەسەر بنەمای دراوسێتیو پەیوەندی برایانە چارەسەر بکات.

## GAP

تورگۆت ئۆزالی سەرۆکی کۆچکردووی کۆماری تورکیا پرۆژەی گاپی وا وەسف کردووە: پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیا پرۆژەیەکی مەزنی ئاودێریو بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبایە. وتوانای هەیە بەرهەمی کشتوکاڵی تورکیا چەندین





جار زیاد بکات لە کۆتایی چەرخی بیستەمدا.

پرۆژەکە (٢٢) بەنداو لە خۆدەگرێت. لەوانە (١٤) بەنداو لەسەر فورات، (٨) لەسەر دیجلە، (١٩) ویستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای هەیە، (١١) یان لەسەر فورات بنیاددەنریو (٨) یان لەسەر دیجلە. هەروەها پلان بۆ ژمارەیەکی گەورە لە پرۆژەی ئاودێری کە (١٦٩٥) کیلوهکتارە. واتە زیاتر لە نیوەی ڕووبەری بەلجیکا .ئەو پرۆژەیە پێویستی بەسیستەمێکی ژێرخانی هەیە بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ نموونە هەڵکەندنی نۆکەندێك بە درێژیی ٤ر٢٦کم نۆکەندی (سانلی ئورفا) بۆ گرێدانی بەنداوی ئەتاتورك بەدەشتی (حران) کە دەبێ ئاودێری (٠٠٠ر٥٠٠) هکتار بکات.

بەهای پرۆژەی گاپ بە (٢٢) ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەملێندرێت. لەبەر نەبوونی ڕێکەوتنێك لەمەڕدابەش کردنی ئاو لە گەڵ عێراق و سووریا. سندووقی دراوی نێودەوڵەتی باربووی پرۆژەکەی ڕەت کردۆتەوە. بۆیە تورکیا داوای یارمەتی لە سەرچاوەی تر کردووە لەوانە سویسرا.

تورکیا ئەرکی گەورەی خەرجی پرۆژەکەی خستۆتە ئەستۆ. ئەوەش بووە هۆی ئەوەکە ئاوسانی دارایی گەیشتە ١٠٠٪ لەساڵی ١٩٩٤دا پرۆژەی گاپ لەلایەن هەڵبژاردەی سیاسی تورکی لە ئاستی باڵا پاڵپشتی لێدەکرێت کە زیاتر لە ئەندازیارەکان پێك دێت. تورگۆت ئۆزال ئەندازیارو ئابووری ناس بوو، هەروەها سلێمان دیمیریل دیسان ئەندازیارە لە هیدرۆلیك. پێدەچێت لەو هەڵبژاردنە چاو لە پرۆژە مەزنەکانی شێوازی سۆڤیەتی بکەن.

# چەند ڕوونکردنەوەیەك لەمەڕ ناکۆکیەکانی تورکیا-سوریا-ئێران و عێراق

## دەربارەی سوریاو عێراق

ناکۆکی نێوان سووریاو عێراق لەسەر ئاوی فورات لە ساڵەکانی شەستەکان سەری هەڵدا، دواتر کاتێك سووریا بەنداوی تەبەقەی پڕ ئاوکردو وێڕای بەنداوی (کەبان)ی تورکیا، ئاستی ئاوی فورات بەئەندازەیەکی زۆر لە سنووری خاکی عێراق دابەزی لە ٨٨٠ بۆ ٢٨٥ مەتر سێجا، رۆژنامەگەری عێراقی شاڵاوێکی توندی دژی دەسەلاتدارانی سووریا رەوانەکرد، بەڵام ناوبژیوانی سعوودیا و سۆڤیەت نەیانهێشت ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوان دوو رژێمی بەعسی ڕووبدات و لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ئاستی فورات لای خاڵی سنووری تورکیا-سووریا. هەوڵیدا عەمباری ئاوی خۆی زیاد بکات ئەویش بەبنیادنانی بەنداوی (تشرین) ئەوەش مانای ئەوە بوو کە دابەزینی ئاستی ئاو لە لایەن سووریا و تورکیا ئاستی ئاوی فورات لەلای هاتنە ناو سنووری عێراق بەرێژەی ٩٠٪ کەم دەکاتەوە. حاڵەتی لاوازی تەشەنەکردوو

لەجەستەی رژێمی بەعسی عێراقی لە کاتی ئێستا رێگای ئەوە دەگرێت کە کاردانەوەی سەربازی هەبێت، بەلام حالەتی داسەپاو تاکو سەر درێژە ناکێشێ.

## دەربارەی عێراق وئێران :

ناکۆکی ئەو دوو ولاتە درێژخایەنە لەسەر (شط العرب)، لە بە یەکگەیشتنەوەی دووڕووباری دیجلەو فورات پێك دێت – خوزستان– حکومەتی شا لە ناوەڕاستی شەستەکان تاکو مارسی ١٩٧٢ پالپشتی شۆڕشی کوردی عێراقی کرد ئەویش بۆ ناچارکردنی بەغدا بۆ پێشکەشکردنی دەست بەرداری (تنازل) بۆ تاران.

ئەو سازشەی لە رێککەوتننامەی جەزائیر دەسکەوت، بەلام (صدام حسین) پشتی لەو رێککەوتننامەیە کردو شەڕێکی هەلگیرساند لە پێناو گێڕانەوەی هەرێمی خوزستان (عەرەبستان). لەکاتی هەنووکە پێناچێ کێشەکانی سنوور چارەکرابن. بەلکو چاوەڕوانی گۆڕانێك دەکات لە پارسەنگی هێز تاکو ئەو ناکۆکیانە سەر لەنوێ سەر هەلدەداتەوە.

## دەربارەی تورکیاو سوریا :

ناکۆکی ئەو دوو ولاتە درێژخایەنە. تاکو ئێستا مێژووی رەسمی تورکیا. شۆڕشی عەرب لە سالی ١٩١٦ بە ناپاکی (خیانە) دەزانن. هەروەها ناکۆکی لەسەر سەنجەقی ئەسکەندەرۆنە هەیە هەروەها دابەش کردنی ئاوی فورات بەیەکێك لەسەرچاوەکانی گرژی توند لە پەیوەندی ئەو دوو ولاتە دادەنرێت.

هەروەها لە کاتی بنیادنانی بەنداوی کابان لە سالی ١٩٦٤ هەندێك تەق و تۆق (مناوشات) لەسەر سنوور روویدا. تورکیا پێشنیاری لەسووریا کرد دان بە سنوری ئێستا دابنێت لەبەرامبەر دابەشکردنی ئاوی فورات. سووریا ئەو پێشنیارەی رەت کردەوەو وای دانا کە دەست بەردارێکی کۆتاییە بەسەنجەقی ئەسکەندەرۆنە. ئەوەی رەت کردەوە کە مەسەلەی ئاو وسنوور تێکەل بەیەك بکرێت. دواتر سووریا رێگای بەکردنەوەی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دا لەسەر خاکی. لەو کاتەدا تورکیا دەستی بەتەواوی لەسەرهاتنی ئاوی فورات گرت و هەڕەشەی لە دیمەشق دەکرد لە کاتێك بۆ کاتێکی تر.

## دەربارەی تورکیاو عێراق :

پێدەچێت ئەو پرۆژانەی تورکیا لەسەر دیجلە و فورات بنیادیان دەنێت ناکۆکی راستەقینە لەکاتی نزیك نەوروژێنێ بەلام تورکیا مرخی تایبەتی بۆ دەست بەسەرداگرتنی (ولایەتی موسل) هەیە (چونکە دان نانی بە دیفاکتۆی لەباشوور ئەو مافەی پێدەدات دەست وەردا بۆ پاراستنی کورد لە رژێمی عێراقی)

لەبەهاری ١٩٩٥ تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژی بنکەکانی P.K.K دەستپێکرد (سلێمان دیمیریل) رایگەیاند کە: (ولایەتی موسل تاکو ئێستاش مافی تورکیایە) ئەگەر پالەپەستۆی نێودەولەتی





رێگە گربووە لە هەلی دەست بەسەرداگرتنی تورکیا بۆ ماندات لەسەر شێوازی قوبرسی لەوناوچەیە لە کوردستان. بەلام دوودلی نابێت هەر کاتێك هەل بڕەخسێ بەو کارە هەلبستێت.

## بزافی رزگاریخوازی کورد بارمتەی ئاوە :

تەنگژەی ئاو راستەوخۆ کار لەمەسەلەی کورد دەکات. ئاو بۆتە ئامێرێکی شەڕ دژی کورد. بۆ روون کردنەوەی ئەو ئالۆزییە باس لە شۆڕشی کوردی لە باکووری کوردستان و ناکۆکی سوری –تورکی دەکەین لە سە ئاوی فورات.

## ناکۆکی سوری-تورکی لەسەر ئاوی فورات :

حکومەتی دیمەشق لە هەلوێستی نێودەولەتی خۆی لەبەرامبەر هەلوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت بەنەرێتی (سلبی) رەنگی داوەتەوە. ئەو توانای سەربازیو دیموگرافیو (١٢ملیون کەس) بەرەنگار بوونەوەی تورکیای نییە. ئەندامی ناتۆ NATO ولەلایەنی دیموگرافی بە هێز (٦٠ملیون کەس). سووریا ناتوانێ پشت بە پالپشتی عەرەبی ببەستێت لەبەر حالەتی کەرتبوونی باو زال بوونی ئەمرۆکەو بەرزبوونەوەی چالاکی جوولانەوە ئیسلامیەکان لە ناوچەکەدا.

هەموو ئەمانە حالەتێکی سیاسی تایبەتی لەسەر سووریا سەپاندووە لەوانەیە ئەو لێکدانەوەیە وا لەسووریا بکات قایل بێت بە گفتوگۆکردن لە گەل ئیسرائیل.

سەرکردەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی کۆششی زیندووبوونەوەی شکۆی رابردوو دەکەن، دیمەشق پایتەختی ئەمەوی بوو (٦٤٠-٧٥٠) تووشی بێ هودەیی بووە لە ئەنجامی زنجیرەیەك تێکشکان:

لەوانە لەدەست چوونی خەونی سووریای گەورە لە سالی ١٩٢٠، ولەدەست چوونی سەنجەقی ئەسکەندەرۆنە لەبەرژەوەندی تورکیا لە سالی ١٩٣٩، و لەدەست دانی پەنجەرەی لوبنانی ١٩٤٥، شکستی شەڕەکانی لە گەل ئیسرائیل (١٩٥٦-١٩٦٧)، داگیرکردنی بانی جۆلان لە سالی ١٩٧٣ کە بەسەرچاوەیەکی گرنگی ئاو دادەنرێت. بەگوێرەی زۆر لە پسپۆرەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست خەونی سووریای گەورە لە سیاسەتی دەرەکی (حافظ الاسد) رەنگی داوەتەوە، لە رێگای هاو پەیمانێتی لەگەل هێزە هەرێمایەتییەکان یا پێشێلکردنی رێککەوتننامەکان بە توندو تیژی لەبەرامبەر لایەنە پەیوەندیدارەکان.

## سوریاو لوبنان و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی :

لوبنان ئەمرۆ لە ژێر پارێزگاری سووریاوەو ناتوانێت هیچ بریارێکی

سیاسی گرنگ وەرگرێت بەبێ ڕەزامەندی دیمەشق، هەروەها مەترسی راستەقینە هەیە لەوەی کە حکومەتی دیمەشق لەبەرامبەر **P.K.K** هەمان هەڵوێستی لەبەرامبەر (یاسر عەرەفات) سەرۆکی ڕێکخراوی فەتح وەربگرێت. لە دوای ئەوەی روون بۆوە کە (یاسر عەرەفات) دەست بەرداری پێش کەش ناکات ئەوەی تایبەتە بە (سەربەخۆیی تەواوی فەتح) لەبەرنگاری دەوڵەتە عەرەبیەکان هەریەکێکیان بێت و ئاسان نییە ڕێکخراوەکە راکێشرێت بەو جۆرەی سووریا دیەوێ، دیمەشق بە هەوڵی تێکدەرانە هەڵسا دژی ڕێکخراوەکەو لەناوبردنی سەرکردەکانی، هەروەها هانی ڕێکخراوە ڕکەبەرەکانی (فەتح) ی دا وەکو (حماس) و ئەوانای تر. لە ساڵی ١٩٨٢ سووریا لەبەرژەوەندی فەلەستینیەکان دەستەوەستان وەستا کاتێك ئیسرائیل بنکەکانی بۆردوومان کردن و گەمارۆی دابوون لە بەیرووت. هەروەها حکومەتی (الاسد) بەئاشکرا پاڵپشتی لە جیابووەکان دەکرد لە(البقاع)، لەبەرەنگاربوونەوەی ئابلووقەی تەرابلس هیچ شتێك (یاسر عرفات)و ڕێکخراوەکەی رزگار نەکرد تەنها ناوبژیوانی فەرەنسا نەبێت کە ڕێگای دا بچنە یۆنان دواتر تونس. لە واقعدا دیمەشق دەیویست کارتی فەلەستینی لە بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێ لەگەیشتن بەچارەسەرییەك لە ناکۆکی عەرەبی- ئیسرائیلی و گێڕانەوەی بانی جۆلان لە کاتی نووشستی (فتح). جا جووڵانەوە چەکدارەکان (فتح. حزب الله. حماس. تاد)لەلایەن سەرکردەکانی بەعس هیچ مانایەکی نییە.. ئەگەر بەشداری نەکەن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دیمەشق. لە حاڵەتی پێچەوانەوە ئەو ڕێکخراوانە کۆسپن و دەبێ لابرێن.

ئەمرۆ سووریا هەڕەشەی ژینگەو ئابووری لێدەکرێت لە لایەن تورکیا لەوانەیە بگۆڕێت بۆ هۆکارێکی هەڕەشە بۆ سەر **P.K.K** دەبینێتەوە. کەسەرۆکەکەی بۆ ماوەی (١٥)ساڵ دەبێت لە ژێر سایەی پارێزگاری سووری دەژێت و بنکەکانی لە دەشتی (بقاع)ە ئەگەری ئەوەی کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردی ببێتە بارمتەی ئاو کارێکە لە ئارادایە.

دەبا سەیری چەند مەترسیەکی دەوربەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردی بکەین:

هەر لەگەڵ هاتنی ئەربەکان بۆ سەر دەسەلات. مەسەلەی ئاشت بوونەوەی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە ئەگەری زۆی تێدایە لەسەر حیسابی کورد چونکە دیمەشق هیچ کارتێکی سازشی نییە تەنها قوربانی دان نەبێ بە **P.K.K** ئەربەکان کە تەمەنی لە (٧٠) تێپەڕیوە دەیەوێ بەر لە مردنی ئامانجەکانی بەدی بهێنێ. ئەو دەزانێ کات کورتە لەبەرامبەری لێرەوە بەگەرمی جووڵە دەکات بە ئاراستەی چارەسەری تەنگەژەی لە گەڵ سووریا.







## ڕێ لێگرتنی گەشەکردنی دیموکراسی لە بزاڤی رزگاریخوازی کورددا:

نسکۆی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا لە عێراق پڕیەتی لەپەند و پیویستە بەکردەوە وانەی لێوەرگرین لەدەوروبەری ناوەراستی شەستەکان پرۆسەی خۆبەستنەوەی پەیتا پەیتا بەتاران دەستی پێ کرد. کە ئامانجیان لەو پەیوەندیە لەگەڵ سەرکردایەتی کۆنترۆڵکردنی بزاڤی کوردی بوو، بەکارهێنانی لە خزمەت بەرژەوەندیەکانیان کارتی پاڵەپەستۆ بوو دژی عێراق. هەتا دژی هەموو بزاڤێکی کورد لە کوردستانی ئێران. ئێمە واباوەڕ دەکەین ئەم چەشنە پەیوەندییە کاریگەری هەبوو لەسەر داخستنی دەرگاکان لەبەرامبەر پیادەکردنی دیموکراسی لەنێو سەرکردایەتی کورد. ئەوە بەتەوای ئەمە ناگەیەنێ کە پەیوەندی لە گەڵ ئێران بەرپرسیارە لە نەبوونی دیموکراسی لە کاری سەرکردایەتی کوردی، بەلام سافاکی ئێرانی شێلگیرانە هەوڵی دەدا بەلای پارسەنگی سەرکردە هەوادارەکانی هاریکاریکردن لە گەڵ ئێران بشکێنێ لەسەر حسابی ئەو سەرکردانەی زۆر بەئاگاداری بوون لە هەڵوەستی ئێران- سەیدا صالح یوسفی- لەبەرژوەندی ئێران بوو کە لەنێو سەرکردایەتی کورد کەسێکی بەهێز هەبێ فەرمانڕەوایی بەکاروانی شۆڕش بکات وملکەچی تەواوی لێ بکرێت و دواتر لەرێگای ئەوەوە بکەوێتە چنگ ئێرانەوەو شۆڕشەکە ببەسترێتەوە بەپلانی ئێرانی. لەساڵی ١٩٧٥ بەهۆی شۆڕشی کوردی، ئێران چاوتێپرکردنی خۆی بەدەست هێنا لە (شط العرب) و لەخاکی تر. بەوەش بەشێك لە گەورەترین مەینەتیەکان لە مێژووی گەلی کورد دەستی پێ کرد و کەوتە دیلی بە بێ ویستی ئەو.

پارتی کرێکارانی کوردستان کە توانی وزەیەکی زۆر لە کوردستان و دەرەوە کۆ کاتەوە بۆ دەساڵ دەچێت بەرگری دەکات لە زەبرو زەنگی سوپای فاشی تورکی و کاری تەراویلگەی کورد لە ئەوروپا ڕێک دەخات. بۆیە کەمجار لە مێژوو ئێستەگەیەکی تەلەفزیۆنی دادەمەزراند کە بەرنامەکانی بۆ هەر پێنج کیشوەر پەخش دەکات- تورکیا کار دەکات بۆ داخستنی ئەو کەناڵە- دەبێ وانەی مێژووی کورد وەرگری و گۆڕانی رادیکالی لە هەڵوەستی سووریا لە حیساب بگرێ.

ئێستا کۆششی (جد)ی هەیە لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرە بۆ چارەسەری کێشەکە لەوانەیە سەرکردایەتی P.K.K ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس بێت وەکو ئەوەی ڕێککەوتنامەی جەزائیر ١٩٧٥ لێرەدا زۆر گرنگە سەرکردایەتی P.K.K دەروازەیێ بکاتەوە لە دیموکراسی و دەست بەرداری پەرستنی کەسایەتی بێت، چونکە زۆر لە گەلان ئازادی ئەو جۆرە دیاردە نەرێتیانەیان چێشتووە. لە ئەزموونی تازەی کوردستان ئەمڕۆ لەبەرچاوانە کە نموونەیەکی زەقە لەو نەریتە درێژخایەنانە کە تاکو ئێستا بە بێ چارەسەری ماوتەوەو کارەسات و چەرمەسەری بۆ گەلی کوردی دێنێ.

بەخشینی چارەنووسی تەواوی گەلێک بۆ بڕیاری تاکە کەسێک کارێکی ئێجگار ترسناکە.

لەڕووداوەکانی هەنووکە ئەوە دەردەکەوێت کە سەرکردەکانی کورد سوودیان لەو وانە پڕ بەهایانە وەرنەگرتبێ.

## مەترسی یەکتر کوشتنی ناوخۆیی:

مێژووی کورد ئەوەمان پێ نیشاندەدا تا چ رادەیەک داگیرکەرانی کوردستان سەرکەوتوون لە لێدانی سەرکردە کوردەکان بە دەستی یەکتر بۆ لاوازکردنی هەموویان. و دەردەکەوێت کە چاوتێبڕکردنی کەسی کە پاشماوەی کەلەپووری هزری ئاغایەتی سەرەتایی پڕ لە قین و خۆ بەزل زانینە. لە لایەن سەرکردە کوردەکان. بووە هۆی خلیسکاندنیان بەرەو ئەو ئاراستە ترسناکە.

ئەو شەڕەی کە لە ئارادایە بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاترە لە نێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە کوردستانی پارێزراو لە لایەن چەتری ئاسمانی رۆژئاوا گرنگترین دوو دەمەزراوی رووەو لەنێوبردن برد.

لەگەڵ یەکەم تەقە لە ١/ ئایار ١٩٩٤ ئەو دوو لایەنە پەنایان بردە بەرداواکاری یارمەتی سەربازی لە ئێران و عێراق و ئەنقەرە. لە مانگی ئابی ١٩٩٥ هێزەکانی P.K.K بەتەنها هێرشیان نەکردە سەر بنکەکانی پارتی بەڵکو هەڵسان بەهێرشکردنە سەر ئامانجە مەدەنیەکان لە گوندەکانی بادینان کە تازە بنیاد نرابووە بە یارمەتی دەرەکی.

لەو شەڕە خوێناویە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەت و ژن و پیاو بوونە قوربانی کە مایەی شانازی هیچ لایەک نیە. ئەوشەڕەی نێوان ملیشیای پارتی-یەکێتی و P.K.K دژ بە لۆژیکی بزاڤی رزگاریخوازی کوردە. زۆر بەداخەوە دەچێتە خانەی بەرژەوەندی





وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان. دەست تێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە کاروباری کوردی زیاد بووەو هەر لایەنێک لە لایەنە کوردیەکان خۆی دەپارێزێ بەلایەنەکەی تر بەسوپای دەوڵەتێکی دوژمن.

نموونەی لوبنانی توانای حکومەتی دیمەشق دەدرەخات لە سەپاندنی دەسەلاتی بەسەر ئەو دەوڵەتە. دیمەشق لە ساڵی ١٩٧٦ پاڵپشتی لە میلیشیا مەسیحیەکان دەکردو لە مەترسیەکی گەورەی رزگارکردن. بەڵام هەرکە مارۆنیەکان ویستیان خۆیان قوتارکەن لە چەپۆکی سووری. تاکو سووریا هەڵسا بە پاڵپشتی لایەنە لوبنانیەکانی تر بەشێوەیەک لایەنە لوبنانیەکان لە نێوان خۆیاندا کەوتنە شەڕی ناوخۆیی.

سووریا هەمان سیاسەتی لەبەرامبەر فەلەستینیەکان بەکار هێنا. ماق خۆمانە بپرسین ئایا موجیزە( معجزە) کورد قوتار دەکات لە روو بەڕووبوونەوەی هەمان چارەنووس؟

ئەوەی یەقینە لەو سێ حاڵەتە: لوبنان و فەلەستین وکورد. میللەتان یەکتریان کوشتووە ونرخی زۆر گرانیان داوە لەدەرەنجامی وابەستەیی. گومانی تێدانیە سەرکردە کوردەکان بەپلە یەک بەرپرسیارن. لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە ناتوانن شەڕ دروست بکەن ئەگەر ئەو سەرکردانە بە پاڵنەری حەزی رابەرایەتی و خودیەت و خۆیستی و لەخۆبایبوون نەبێ. جا شەڕی رابەرەکان بەردەوامە. کە دەرگایان ئاوەڵە کردووە بۆ دەست تێوەردانی هێزی دەرەکی.

## لێك ترازانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:

سروشتی ئەو شەڕەی کە تورکیاو عێراق بەرپایان کردووە لە هەردوو بەشی کوردستانی باکوورو باشوور تەواو کتومتی ئەو ستراتیژیەتەیە کە پسپۆرانی (C.I.A) دایانرشتووە بۆ قەڵاچۆکردنی شەڕی پارتیزانی.

لەئەمریکای لاتینی و لە هیندی سینی. ئەو ستراتیژیەتە ئامانجی دروستکردنی حاڵەتێکە لەو کۆمەڵگانەی کە کەوتوونەتە بەر ئامانجیان کە بە (ناکۆکی چڕی نزم) دەناسرێت کە پشت دەبەستێت بەهۆکاری ترس لەنێو جەماوەر. بەکارهێنانی گروپی بەکرێگیراوی ناوخۆیی و بۆ مەبەستی تیرۆر. بڵاوکردنەوەی ململانێ و رکابەرایەتی نەتەوەیی و ئاینی و تایفی لە کۆمەڵگە لە رێگەی ئامرازی پروپاگەندەی فراوان دادگایی و لە سێدارەدانی نائاسایی. لەناوبردنی هەستکردن بەدڵنیایی و ئۆقرەیی بەتەواوی. ئەو ستراتیژیەتە وورەی کۆمەڵ لەباردەبات و بنکەی کۆمەڵایەتی رووەو کاولکاری دەبات.

لابردنی هەزاران گوندی کوردی و شاڵاوی ئەنفال لە کۆتایی هەشتاکان لە لایەن رژێمی بەعسی فاشی لە بەغدا. ئەوەی ئەمڕۆ ئەنقەرە پێی هەڵدەستێت لە رووخاندنی

گوندی کوردی‌و کۆچ پێکردنی زۆره ملێی ملیۆن و نیوێك کورد له خاکی خۆیان و بڵاوه‌پێ کردنیان له گه‌ڕه‌که هه‌ژاره‌کانی شاره‌کان. هه‌موو ئه‌مانه هۆکارن له کۆتایی دا به‌مه‌به‌ستی له‌ناوبردنی بوونی کوردیه.

سیسته‌می ڕۆشنبیرکردن به‌مه‌به‌ستی تواندنه‌وه‌ی ناسنامه و که‌لتووری کورد له ره‌گه‌وه به‌ته‌واوه‌تی ده‌چێته چوار چێوه‌ی لۆژیکی پاکتاو کردنی ره‌گه‌زی که هیچ به‌زه‌ییه‌ك نازانێ گومانی تێدانی‌یه که‌وابه‌سته‌یی سه‌رکرده کورده‌کان به‌ده‌وڵه‌ته داگیرکه‌ره‌کانی کوردستان و وابه‌سته‌ییه‌که که سه‌ربه‌خۆیی خۆیان له ده‌ست داوه. ئه‌ویش ڕێگای کاره‌ساته به گوێره‌ی زۆرینه‌ی گه‌لی کورد.

به گوێره‌ی چوار پایته‌خته‌که: ئه‌نقه‌ره. به‌غدا، دیمه‌شق. تاران. ئه‌زموونه‌کان سه‌لماندوویه‌تی که ئه‌و سیاسه‌ته میکاڤیلیانه‌ی په‌یڕه‌وی ده‌که‌ن له‌به‌رامبه‌ر دۆزی کورد له‌وانه‌یه ببێته (به‌لا) به‌سه‌ر خۆیان، کاتێك (صدام حسین) به‌شێوه‌یه‌کی دراماتیکی ڕێککه‌وتنامه‌ی جه‌زایری دڕاند که شۆڕشی کورد له‌سه‌ری سه‌پاند قادسیه‌ی ره‌شی به‌رپاکرد. که گه‌لانی عێراق و ئێران ملیۆنێك کوژراو وبریندارى له‌ده‌ست دا تاکو ئێستاکه‌ش که‌شه‌که نه‌سازه له نێوانیان. خۆدزینه‌وه‌ی ئه‌و پایته‌ختانه له‌چاره‌سه‌ری دیموکراسیانه‌ی دۆزی کورد. واته به‌رده‌وام بوون له ڕێگای ڕه‌گه‌زپه‌رستی شۆڤینی‌و دکتاتۆری‌و دواکه‌وتنی ژیاری. ئه‌وانه‌ش نه‌خۆشیه‌کی کوشنده‌ن. ئه‌رکی گه‌لانی عه‌ره‌ب و فارس و تورکه که حکومه‌ته‌کانیان ناچار بکه‌ن له قایل بوون به چاره‌سه‌رکردن و هه‌ڵنه‌گرتنی ئه‌و نه‌خۆشیه شه‌رمه‌زاریه بۆ دوای چه‌رخی بیسته‌م. ته‌نگژه‌ی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کانیان ته‌شه‌نه ده‌کات. له‌ده‌ست دانی ئاسایش و جێگری دێن و مل که‌چی بۆ هێزه ئه‌وروپیه‌کان زیاد ده‌بێت به شێوه‌یه‌ك ده‌بنه ئامێر به‌ده‌ستی رۆژئاوا..
ئه‌گه‌ر دۆزی کورد به‌شێوازی دیموکراسی و به‌گوێره‌ی ماڤ چاره‌نووسی چاره‌سه‌ر کرا ئه‌وه بێگومان ده‌بێته هۆی جێگیری‌و گه‌شه‌کردن بۆ سه‌رجه‌م گه‌لانی ناوچه‌که‌و سه‌ربه‌خۆیی‌و ئه‌و گه‌لانه‌ش تۆکمه ده‌کات.

که‌واته هیچ چاره‌سه‌رێکی سه‌ربازی دۆزی کورد چاره‌سه‌ر ناکات.

**سه‌رچاوه:**

HEVOT .Culture Is an unaffiliated Publication appears Periodically. witzerland No.11.1996.